



مافناس – حەسەن ئەیوبزادە

## ٢٢

**بیستو حەوتەمین ساڵی تیرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی ئازەر لەڤییەن و دەوری کورد لەو جینایەتانەدا**

**دۆکۆمێنتە کان**

لە سەر تیرۆری د.قاسملوو، سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و عەبدوللا قادریی ئازەر، لە ١٩٨٩/٧/١٣ لە شاری ڤییەن، لەلایەن جێگرەکانی د.قاسملووەوە سێ هەلوێست و کردەوەی جیاواز لە ئارادابووە:

### ١– هەڵوێستی د.شەرەفکەندیی لە سەرەتای بەدواداچوونی روداوی تیرۆری د.قاسملوو دا

مادام هێلین کرولیش، هاوژینی بەرێز د.قاسملوو، دوای ئاگادار بوون لە تیرۆری د. عەبدورەحمان قاسملوو لە ١٣/٧/ ١٩٨٩ لە بەشی ٣ی شاری ڤییەن گەڕەکی لینکەبانگاسە ژمارە 12/5 بە هاوکاریی د.شەرەفکەندیی و کمیتەی حدکا لە شاری پاریس وەکالەتنامەیەکیان بۆ د.وایدینگێر وەکیلی رەسمیی( محامی– پارێزەر ) لە شاری ڤییەن ئیمزا کرد بوو.

لێکۆلینەوەکان نیشاندەدەن کە د.وایدینگێر لە رەوتی لێکۆلینەوەی پۆلیس و دادوەرانی لێکۆلینەوە لە بیست رۆژی یەکەمی لێکۆلینەوەی پۆلیس و دادوەرانی لێکۆلینەوە دا نەبووە کە لە واقعییەتی روداوەکە و ریزبەندیی تێرۆریستەکان و هاوکارەکانیان و قوربانییەکان ئاگادار بێ.

لە ژێر گوشاری سیاسیی دەولەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر دەولەتی ئوتریش دوو لە تێرۆریستەکان بەو ناوانە :

١– محمد جعفری صحراودی بەرپرسی دەفتەری سەرەکیی ئێران لە یاخسەمەر کە لە تشرینی ١٩٨٦ ەوە دوای رێکەوتنی تالەبانیی و پێنج کەس لە ئەندامانی وەفدەکەی لەگەل پاسدارێکی مافیوزو تێرۆریستی بەرپرسی قەرارگای رەمەزان بە ناوی باقری ذوالقدر ناردرابوو بۆ یاخسەمەرو لەوێ بنکەی ناوندیی جاسوسیی و تیمگەلی تێرۆریستیی بۆ توناکردنی حدکاو تیرۆری رێبەرانی سیاسیی کورد دامەزراند. صحراودی کە لە لایەن تالەبانییەوە بە " برادەر رەحیمی" ناودێرکرابوو لە ناوەندەی ینک و لە تەنیشت تالەبانیی ، لە چەندکیلۆمیتریی دەفتەری سیاسیی حدکا جێگیر بوو. بروانە خولانەوە لە ناو بازنەدا، نووسینی نەوشیروان مصطفی ئەمین. چاپی ١ و ٢ ساڵی ١٩٩٩ بێرلین و سولەیمانیی.

٢– امیر منصور بزرگیان لەشپارێزی تێرۆریستی یەکەم، لە دایک بووی ١٩٥٨ ژمارەی پاسپۆرت ٠٥٤٠٠٩ ئەو دوو تێرۆریستە لە ژێردەستی پۆلیسی دژە تیرۆر و دواتر پۆلیسی شاری ڤییەندابوون. لەژێر گوشاری دەولەتی یاغیی ئێران و بە چۆکداهاتنی دەزگای دادوەریی ئوتریش لەژێر گوشاری سیاسیی دەولەتی ئیئتیلافیی ئازاد کران و بەرەو تاران ئیسکۆرت کران.

٣– سێهەمین تێرۆریست کەسێک بووە بە چەندین ناوی تەزویریی یەوە کە بە هاوکاریی صحراودی دوای لێدانی تیری خەلاس لە ناوچاونی د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی و هاوکارەکەی خۆیان و پشکنینی گیرفانی کوژراوەکان ودزینی

هەزارمارکی ناوگیرفانی د.قاسملوو رای کردوبوو[1] و هەرگیز ناوو رومای راستەقینەی ئاشکرا نەکرا. ئەوکەسانەی کە لە خوارەوە ناو دەبردرێن ئەو تێرۆریستە راکردووەیان لە نزیکەوە بینیوە و قسەیان لەگەل کردووە کە بریتین لە : ١- جەلال تالەبانیی ٢- نەوشیروان مصطفی-٣ دوو برای فازل رەسول و ژنەکەی ٤- خەسرەو خال ٥- شازاد سائیب

واقعییەت ئەوەیە کە گۆڕینی ریزبەندیی تێرۆریستەکان لە لایەن جەلال تاڵەبانییەوە و لکاندنی ناوی کارگێڕێکی بالوێزخانەی ئێران و هاوکاری تێرۆریستەکان کە لە هەمان کاتدا ئەندامی بەرپرسی کومیتەی ینک لە ڤییەن بوو ە بە قوربانییەکانی کوردوە و دابەشکردنی دوولایەنەکە بە کورد و ئێرانی رەوتی لێکۆلینەوە لە رووداوەکەی گۆڕی. هاوکات وتوێژی کتوپڕی جەلال تالەبانیی لەگەل رادیۆ تاران دوابەدوای بڵاو بوونەوەی خەبەری تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی و لەسەرانسەری جیهان و تۆمەتبارکردنی رژیمی صدام بە تێرۆری د.قاسملوو بە پێچەوانەی واقیع و بێ هیچ بەڵگە و قەرینە و شاهیدێک بە پێچەوانەی راپۆرتی پۆلیسی ئوتریش، ئەوانە دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ بریاردەرانی سیاسیی دەولەتی ئوتریش کە گوشار بخەنە سەر دەزگای دادوەریی کە بە پێچەوانەی قانوون رەفتار بکەن.

جەلال تالەبانیی بۆ ئازاد کردنی صحرارودی و راکردنی لە لێکۆلینەوە شەوی دوای تێرۆرەکە بە تەلەفون لەگەڵ ژنەکەی فازل رەسوڵ بە ئینگلیزیی قسەی کردبوو و لە زمانی رفسنجانییەوە ناراستەوخۆ ئامۆژگاریی کردبوو کە رابگەیەنێ: رژیمی صدام و سازمانی موجاهیدەکانی رەجەوی و دژبەرانی ناوخۆیی د.قاسملوو لەو ریزبەندییەدا جێ دەگرن کە ئەو تێرۆرەیان کردبێ و دەکرێ ریزبەندییەکە سەروخواریان پێبکرێ. هەروەها لێی زیادکردبوو کە صحرارودی بێ تاوانەو رەنگە ناکۆکیی نێوان صحرارودی و اجوادی کە یەکەمیان سەر بە رفسنجانیی و ئەویدیکە سەر بە باڵی مونتەزیریی بوون لەو تێرۆرەدا دەوری گێڕابێ.

ئەو ئیددیعا نادروستە ی تالەبانیی و تەلەفۆن کردنی ناوبراو شەوێک دوای تێرۆرەکە بۆ ژنە کەی فازل رەسول لە تارانەوە و رێنوێنی کردنی بەوە کە: لەلێکۆلینەوەی پۆلیسدا : ١- دەلەتی عیراق ٢- سازمانی موجاهیدین٣- دژبەرانی ناوخۆیی حدکا بەو کردەوە تێرۆریستییە تاوانبارن کە رەوتی لێکۆلینەوەکەی گۆڕی ، بۆ مافناسێکی بە ئەزموونی وەکو تالەبانیی کە دوایە کرا بە سەرۆک کۆماری عێراق و ئاخافتن بەو شێوەیە و هەوڵدانی بۆ ئازادکردنی تێرۆریستێکی تاوانبار بە کوشتنی رێبەرێکی سیاسیی کورد و هاورێکەی لە چنگی عەداڵەت سەیرترین ئەخلاقی سیاسیی باو لە ناو بزووتنەوەی کورد لە باشوری کوردستانبووە. ئیددیعاکردنێکی بێ پایە و بێ بەڵگە لەسەر رژیمی صدام و تاوانبارکردنی بەو کردەوە تێرۆریستییە بۆ هەتلەکردن و لابردنی تلی ئیتیهام روو بە ناو چاوی تۆمەتباری گیراو لە لایەن پۆلیسەوە لە سەر شانۆی جینایەت بە دەم پلی خوێناوییەوە و لە بیرکردنی پێکهێنانی وتوێژی خۆی و صدام کە د.قاسملوو رێکی خستبووو جیهان لێی ئاگاداربوو وێنەکانی خۆی و ئەندامانی وەفدەکەی لەگەل صدام لە کتێبی خولانەوە لە ناوبازنەدا ئەغەریبترین وتەیەک بووە کە لە زاری مافناسێکەوە داکەوێ.

تالەبانیی ئامۆژگارییەکیشی بۆ پاکانەکردنی رفسنجانی بە ژنەکەی فازل کردبوو و گوتبووی : رفسنجانی دژی ئەو تێرۆرە بووە و صحرارودی بێتاوانە و دەکرێ کە اجوادی ئەو کارەی کردبێ کە سەر بە باڵی توندرەوی مونتەزیریی بووە و گوایە رفسنجانی خۆی خۆی گوتوویە کە پێوەندییەکی بەو وروداوەوە نەبووە!!

سەرنجراکێشە کە ژنەکەی فازل رەسوڵ دەقی وتەکانی تالەبانی لە لێکۆلینەوەکانی پۆلیسی دادوەریی و دادوەرانی لێکۆلینەوەدا بۆ پۆلیس و دادوەرانی لێکۆلینەوە گێڕابۆووە.

پیناسەکردنی بەشدارانی ئەو بە ناو وتوویژە بە کورد و ئێرانی لە لایەن تالەبانییەوە رەوتی لێکۆلینەوەکەی پۆلیس و داوەرانی لێکۆلینەوەی گۆڕی و رێگەی بۆ دادوەران کردەوە کە لە چوون بۆ باڵوێزخانەی ئێران خۆ ببوێرن و لێکۆلینەوە لە پێشینەی فازل رەسوڵ و کرینی ئاپارتمانێک لەلایەن بالوێزخانەی ئێرانەوە بۆ بنبێلا بگرن.

چوونی دادوەران بۆ باڵوێزخانەی رژیم و ئاشکراکردنی هاودەستیی بالوێزو گارگێرانی بالوێزخانە لە تێرۆری د.قاسملوو عەبدوللا قادرییدا و ئاشکراکردنی روماو پێشینەی فازل رەسوڵ لە ناو ینک و ٢٧ سال لە سوریا لە گەل تالەبانیی و چوارسال وسێ مانگ لە لوبنان و لە ناو حیزبوللای لوبنان و کرینی ئاپارتمانێک بۆ سیاسەتڤانێکی عەرەب کە پێشتر بە ئازادیخواز ناودێرکرابوو وئاشکرابوونی هاودەستیی کورد لەو روداوەدا چ بوومەلەرزەیەکی سیاسیی دەخولقاند؟!

[1] http://www.nnsroj.com/fa/detiles.aspx?id=5277&ID_map=22 - آخرین ساحات زندگی د.قاسملوو دهر گفتگو با دکتر کریم پیرۆتی

پێشتر بەڵگەنامەی کرینی ئاپارتمانێک بۆ بنبێلا لە لایەن باڵوێزخانەی رژیمی ئێرانەوە لە ڤییەن بەمەبەستی راگەیاندنی بەشداریی خۆی لە کۆبوونەوەی نێوان تێرۆریستەکان ود. قاسملوودا و دەوری فازل رەسول لەو پلانە شەیتانییەی رژیمدا کەوتبووە بەردەستی پۆلیسی دادوەریی و وەرگێردراوەکەی لە لایەن نووسەری ئەم دێرانەوە بڵاو کراوەتەوە.

فازل رەسوڵ بە نوێنەرایەتیی بالوێزخانە ی ئێران لە ڤییەن قیمەتەکەی دابوو و لە تەشریفاتی نووسینی سەنەدی راگواستنی ئەو ئاپارتمانە بە نوێنەرایەتیی بالوێزخانە بەشداریی کردبوو. کرتە بۆ ئێرە و ئێرە و ئێرە بکە Ctrl دابگرە!

سەرنجراکێشترین مەسەلە تاوانبارکردنی رژیمی عێراق بەو کردەوە تێرۆریستیییە لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە بووە. تالەبانیی لە راگەیاندنی ئەو ئیدیعایەیدا سەرەتاییترین پرینسیپ و بنەمای حقوقیی و شێوەی لێکۆلینەوەی لەبەرچاو نەبووە. چ هۆیەکی گرنگ لە ئارادا بووە کە مافناسێکی وەکو تالەبانیی هاندابوو چاونەترس و بێباک لە وتوویژ لەگەل رادیۆ تاراندا ئیددیعایەکی ئاوا بێپایە بکا کە هەزاران کیلۆمیتر لە شوێنی رووداوەکە دوور بووە و گوایە و وانیشاندراوە کە هێچ زانیارییەکی سەرەتاییشی لەو روداوە نەبوو و پۆلیسی ڤییەنیش کتەنیا خەبەرەکەی بڵاوکردبۆوە!

لە ماوەی بیست رۆژدا تێرۆریستەکان لە ژێر گوشاری سیاسیی رژیمی ئێران بۆ سەر دەولەتی ئوتریش و هەرەشەی ئاشکراکردنی ریسوایی فرۆشی چەک بە ئێران کە بە "ریسوایی نۆریکۆم" ناودێرکرا و راگواستنی ئەو گوشارە لەلایەن بڕیاردەرانی سیاسیی دەوڵەتی ئوتریشەوە بۆ سەر دەزگای دادوەریی بۆ دانی قەراری ئازادکردنی گۆمانلێکراوان بە ئیسکۆرتی تێرۆریستەکان بۆ تاران ئەو قۆناخە کۆتایی پێهات.

لێکۆلینەوەکانی دادوەرانی لێکۆلینەوە نیشاننادەن کە پارێزەرەکەی مادام هێلین کرۆلیش( د.وایدینگێر) لەوماوەکورتەدا توانیبێتی لە رەوتی لێکۆلینەوە لە روداوی جینایەتەکە و بەر لە ئیسکۆرتی تێرۆریستەکان بۆ تاران و پێشوازیی کردنیان لە لایەن هاوکارە کوردەکانی رژیمەوە لە تاران بە تاجی گوڵەوە ئاگادار کرابێ.

نەسرین خانم قاسملوو نەیتوانیبوو بە وردیی لە لێکۆلینەوەکانی پۆلیسی دادوەریی و دادوەرانی لێکۆلینەوە کە بە زمانی ئاڵمانیی نووسرابوون ئاگادار بێ. تەنیا کورتەیەک لە روداوەکەیان لەو سەدان دۆکۆمێنتە کە دادوەرانی لێکۆلینەوەو پۆلیسی دادوەریی کۆیان کردبوونەوە کردبوو بە فەرەنسیی و خوێندبوونیەوە. لەو قۆناخەی لێکۆلینەوەدا تەنیا هاوژینەکەی د.قاسملوو لە ڤییەن دەرگیری مەسەلەکە بووە.

مەرگی کتوپڕو سەرسامهێنەری د. وایدینگێر، پارێزەری پەروەندەی د.قاسلوو و دۆزرانەوەی تەرمەکەی لە پارکێکی تەریک کەوتە لە شاری ڤییەن و راگەیاندنی مەرگی ناوبراو بە خۆکوژیی، وەکو بەسەرهاتی مردنی کتوپڕی بالوێزی ئوتریش لە یونان لە پشتی میزی کارەکەی بووە کە بە بێ لێکۆلینەوە کۆتایی پێهێنرابوو. مەرگی بالوێزی ئوتریش لە یونان و لە پشتی میزی کارەکەی ئاکامێ راگەیاندنی فرۆشتنی تانکی دورئەنگێوو چەکی جۆراوجۆر لەلایەن دەولەتەکەیەوە بە ئێران و داخوازی پێنج ملیۆن دۆلار " دەلالیی" ئەو ساتوسەودایە بووە لە لایەن دەلالێکی ئێرانییەوە کە کۆتایی بە ژیانی باڵوێزی ئەویش لە پشتی میزی کارەکەی لە یونان هێنا.... چوونی مافناسێک بۆ پارکێکی چۆڵ، بە جلو بەرگی کەشخە (شیک) و بۆینباخەوە ( کراوات) بێ ئەوە بنووسێ بۆ چی خۆی کوشتووە، خۆی جێی رامان و لێکۆلینەوە و نهێنییەکی دیکەی روداوەکە بووە.

**پلانی تێرۆری د.شەرەفکەندیی و کۆتایی هێنان بە لێکۆلینەوەی پەروەندەی د.قاسملوو**

پلانی تێرۆری د.شەرەفکەندیی بۆ کۆتایی هێنان بە لێکۆلینەوە لە پەروەندەی تێرۆری د.قاسملوو کارتێکەر بووە.

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بە پلانی تالەبانیی و صحرارودی سێ مانگ دوای تێرۆری د.شەرەفکەندیی حدکای لە قەندیلەوە بۆ کۆیە رادا و کردی بە جیرەوەرگر ودەرفەتی تێرۆری سەدان ئەندامی دیکەی لە باشوری کوردستان بۆ تێرۆریستەکانی سەر بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە یاخسەمەر و زانیاریی یەکێتیی نیشتمانیی لە ناوچەی سەوزی ژێردەسەلاتی ینک پێک هێنا.

کەڵک وەرگرتنی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە لە نفوزی تالەبانیی بو کۆتایی هێنان بە خەباتی حدکا و دەستبەسەرداگرتنی سامانەکەی و کۆتایی هێنان بە لێکۆلینەوە ی پەروەندەی تێرۆرەکە لە ئوتریش تاوانگەلێک

بوون کە مەلا عەبدوللا دوای تێرۆری د.شەرەفکەندیی کردوونی. لە واقیعدا عەبدوللا حەسەنزادە بەرپرسی سەرەکیی هەموو ئەو جینایەتانەیە کە دژ بە حدکاو رێبەرانی، لە باشوری کوردستان کراون.

زۆر لە مێژە چاوەروان دەکرێ وەچەی پێگەیشتووی کورد بەدوای واقعییەتەکاندا بگەڕێ. بەرپرسانی خەیانەتکار بە بزووتنەوەی رزگاریی خوازی کورد بکێشنە بەردەمی دادگەکانی باشوری کوردستان و لە وێ دادگایی بکرێن. چونکە تێرۆرکراوان لە باشوری کوردستان تێرۆرکراون و تەنیا دادگەیەک کە رەوایی لێکۆلینەوەی لەو تاوانانە هەیە دادگەی ئەو شوێنەیە کە جینایەتەکەی لێکراوە. حکومەتی کوردستان بەرپرسە بۆ بۆ پێکهێنانی دادگەیەک و لێکۆلینەوە لە تێرۆری سەدان ئەندامی حدکا لە باشوری کوردستان. حکومەتی کوردستان بەرپرسە بۆ روونکردنەوەی بەسەرهاتی سەدان ئەندامی حدکا لە باشوری کوردستان. ئەندامانی حدکا کە بە دەسیسەی بەشێک لە بەرپرسانی حدکا و بە هاوکاریی کردن لەگەل تێرۆریستەکانی سەر بە ئیتتیلاعات و زانیاریی ینک لە باشوری کوردستان تێرۆرکراون پەنابەر بوون. هیچ جیاوازیی‌یەکیان لەگەل برا ئیزەدیی‌یەکانمان نەبووە کە کەوتنە بەر دەستی داعش، فروشتیانن، سەریان بڕین و دەرمانداویان کردن.

پێکهێنانی دادگەیەک بۆ لێکۆلینەوە لەو کۆمەڵکوژیی‌یە کە دژ بە کوردی رۆژهەلات کراوە ئەرکێکی نەتەوەیی و ئینسانیی‌یە. ئەوەی کە دژ بە بزوتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان کراوە ئەنفالێکی دیکە و قڕکردنێکی دیکەی هەلەبجە و سەردەشتێکی دیکەیە.

حکومەتی کوردستان و کارگێرانی سیاسیی ئەو بەشە لە کوردستان دەبێ رۆژێک ئاوڕ لەو هەموو جینایەتە بدەنەوە کە دژ بە کورد ی ئاوارەکراوو خەیانەت لێکراوەی رۆژهەلاتی کوردستان کراوە و بە وردیی لێی بکۆڵنەوە، چونکە شوێنی تێرۆری تێرۆرکراوەکان لە باشوری کوردستان و ناوچەی ژێردەسەلاتی کورد و بە گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی بووە. تێرۆریستەکانیش لە ناوچەی ژێردەسەلاتی ینک داژیاون. بنکەو بارەگایان لە سولەیمانیی، یاخسەمەر قەلاچوالان و کانی مراد بووە. بەشێکی بەرچاویان و هاوکارەکوردەکانیان بۆ حدکاش ناسراون. هاوکارانی ئەو گروپە تێرۆریستانەش لە ناو حدک ناسراون. بەرپرسەکەشیان و هاوکارانی دیارن. بۆ ئەوە کورد بتوانێ یەکێتیی نەتەوەیی پێک بێنێ و ببێتە نەتەوە و لە سیستمی ئاخوندیی و حیزب حیزبێنە دابڕی و کیانێک بۆخۆی چی بکا ئەو ئەرکە نەتەوەیی‌یە دبێ بە ئەنجام بگەیەنێ. لێکۆلینەوە لەو هەموو جینایەتە کە دژ بە رۆژهەلاتی کوردستان کراوە هەنگاوی یەکەم بۆ نزێک کردنەوەی کوردە لە یەکتر.

جاسوسیی کردنی مەلا عەبدوللا بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی رژیم بە پێی راگەیەندراوی حجت الاسلام علی فلاحیان لە ٣٠ ئاگوستی ١٩٩٢ کە لە تەلەڤیزیۆنی رژیمدا رایگەیاند : "تاروبەری سەرەوەی حدکا نفوزی کردووە و تارادەیەک لە ژێر چنگی دایە[2]، هەروەها هەزاران تەزویری مەلا عەبدوللاحەسەنزادە لە پێداچوونەوەکەیدا بە پێداچوونەوەی وەرگێردراوی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان، دانپێدانان و ئیقراری ناوبراوبوون بە تاوانی هاوکاریی لەگەل تێرۆریستەکان. مەلا عەبدوللا و هاودەستانی لەوە ئاگادارن کە رادەی خەیانەت و جینایەتەکانیان زۆر لەوە زیاترە کە تائێستا باس کراون.

نەسرین خانم قاسملوو، دوای ئەوە نەیتوانی بێ پشتیوانیی مالیی لە دادگەی مافەکانی مرۆڤ لە لوکزامبورگ دژ بە کارگێڕانی سیاسیی ئەو کاتی دەولەتی ئوتریش و هاوکاریی کردنیان لەگەل تێرۆریستەکان و بریاردەرانی تێرۆری د.قاسملوو عەبدوللا قادریی ئازەر شکایەت بکا بە هەناسەساردیی و بێ پشتیوان گەڕایەوە ماڵەکەی و سامانە ئەفسانەیی‌یەکەی حدکا کەوتە ژێر دەستی مەلا عەبدوللاو هاوکارەکانی.

د.شەرەفکەندیی لەچوونی بێگەڕانەوەیدا بۆ ئالمان هەر بەوجۆرە کە مەلا عەبدوللای لێی‌ئاگاداکرابوو لە تەنیشت مەزاری د.قاسملوو دۆستو هاورێ و هابیر ی لەمێژینەی لە پێرلاشێز ئارامی گرت.

---

[2] -Plädozer im Mzkonos-Prozeß 21.Nov. 1996, Feb. Und 3. April 1997 Hans – Joachim Ehrig
ئاخر دیفاع و داکۆکیی لە دادگەی میکۆنۆس ٢١ نوامبری ١٩٩٦ و ١٤ فوریە و ٣ ئاوریل هانس یواخیم ئێریگ

د.شەرەفکەندیی کەسێک نەبوو کە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و هاوکارە کوردەکانیان... بتوانن ئەو رەفتارەی لەگەل بکەن کە بەسەر مەلا عەبدوللاو تیمەکەیان هێنا.

رێک و پێک کردنەوەی حدکا دوای تێرۆری د.قاسملوو و بڕینی نفوزی جاسوسەکانی وەزارەتی ئیتتیلاعات و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بە تایبەتیی کۆتاکردنی دەستی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە و دور خستنەوەی لە دەفتەری سیاسیی و بەشی پێوەندییەکان، پلانی توناکردنی حدکای مایە پووچ کردبوو.

کاراکردنەوەی هێزی پێشمەرگە وگۆڕینی تاکتیکی شەر، پلانی رژیم و هاوکارەکوردەکانی بێ کەڵک کردبوو. لەبەر ئەوە رژیم و هاوکارەکوردەکانی ناو تەنزیمە سیاسییەکان ناچار بوون بۆ تێرۆری د.شەرەفکەندی پلانێکی نوێدارێژن.

رژیم دەیزانی کە کۆنگرەی ئەنترناسیونالی سۆسیالیستەکان لە ئالمان لە چ رێکەوتێکدا پێک دێ و دەیزانی کە د.شەرەفکەندیی تێیدا بەشداریی دەکا.

نفوزی فلاحیان لە ناو حدکادا بە جۆرێک بووە کە ١٧ رۆژ بەرلە تێرۆری دشەرەفکەندیی لە برلین بە ئاشکرا لە بەرنامەیەکی تەلەڤیزیۆنیدا رایگەیاندبوو کە لەدەرەوەی ولات جارێکی دیکە هێرش دەکاتە سەر حدکا. ئەو کارەشی کرد و د.شەرەفکەندی و سێ کەسیدیکەش کە بە وتەی دادئەستێنی دادگاکە کە لانی کەم یەک لەو سێ کەسە جاسوسی دەزگای ئیتتیلاعات بوون لەگەل د.شەرەفکەندیی لە ١٧ سێپتامبری ١٩٩٢ تێرۆری کران.

**پاکانەکردنەکان و تەزویرەکانی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە لە پێداچوونەوەکەیدا بە وەرگێراوی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد حیکایەت لەوە دەکەن کە ئەو بەشە لە جاسوسەکانی ناوحدکا کە "حجت الاسلام فلاحیان " لە ٣٠ ی ئاگۆستی ١٩٩٢ باسی کردبوون و خۆیان بە دەزگا جاسوسییەکەی فرۆشتبوو ئەو ئاڵقە بزرکراوە بوون کە مەلا عەبدوللا حەسەنزادە سەردەستەیان بووە. دادئەستێنی پەروەندەی میکۆنۆس رایگەیاندبوو کە لەوسێ کەسەی دیکە کە لەگەل د.شەرەفکەندیی لە بێرلین تێرۆر کران لانی کەم یەکیان لەگەل وەزارەتی ئیتتیلاعاتی رژیم هاوکاریی کردبوو. شاهیدی س ( ابوالقاسم مصباحی ) ئەو ئیددیعایەی تەئیید کرد ووە. بروانە کتێبی" تێرۆر بە نام خدا، نووسینی مهندس پرویز دستمالچیان. ناوبراو ناوی جاسوسەکەی حدکای کە لەگەل د.شەرەفکەندیی تێرۆرکرابوو نووسیوە.**

دوای تێرۆری د.شەرەفکەندیی ئەو دەرفەتە بۆ مەلا عەبدوللاو تالەبانیی رەخسا کە پلانەکانی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و رفسنجانی دژ بە حدکا بەڕێوە بەرن. لیستی سەدان ئەندامی تێرۆرکراوی حدکا دواتر بە پێی رۆژنامەکانی کوردستان و دۆکۆمێنتە نهێنییەکانی حدکا بلاو دەکرێنەوە.

**رۆژنامەی کوردستان و پاکانەکردنی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بۆ هاوکارانی دەزگای سیخوریی رژیم**

"کوردستان" ،ئۆرگانی حدکا کە مەلا عەبدوللا خۆی ئێدیتۆر، نووسەر و ئاڵقەی پێوەندیی "دەستەی نووسەرانی کوردستان" بە دەفتەری سیاسییەوە بوو، لە دوای تێرۆری د.قاسملوو لە ١٣/٧/ ١٩٨٩ تا دوو حەتوو بەر لە تێرۆری دوکتور شەرەفکەندیی لە بێرلین دەیان وتار، پەیام و لێکۆلینەوەی لەسەر تێرۆری د.قاسملوو وعەبدوللا قادریی ئازەر لە ئۆرگانی رەسمیی حیزبدا (کوردستان) بڵاو کردبۆوە، بەلام ناوبراو لە ماوەی ئەو سێ سالەی دوای تێرۆری د.قاسملوودا بۆ تاقە جارێک لەو ئۆرگانە رەسمییەی حیزبدا تادوو حەوتوو بەر لە تێرۆری د. شەرەفکەندیی ( ١٧ ی سێپتامبری ١٩٩٢ لە بێرلین) کورد گوتەنی لە کولەکەی تەردا باسێکی لە فازل رەسوڵ مەلا مەحمود نەکردبوو.

مەلا عەبدوللا حەسەنزادە دوای چوونی د.شەرەفکەندیی بۆ بێرلین هەربەو جۆرە کە پێشتر باس کرا، زانیبووی کە د. شەرەفکەندییش ناگەڕێتەوە. ناوبراو لەو دەرفەتە کەڵکی وەرگرتبوو و دوای نزیک بە سێ ساڵ، بۆ یەکەمجار لە رۆژنامەی کوردستاندا باسی لە فازل رەسوڵ مەلا مەحمود کردبوو و نابراوی بە:" نیشتمان پەروەرو و دۆستی قەدیمیی حیزبی دێموکرات "مامۆستا ی زانکۆی ڤییەن و دواتر شەهیدی کورد ستان پێناسەکردبوو. مەلا عەبدوللا دوای بڵاوبوونەوەی وەرگێڕدراوی کتێبی ئیسکۆرت بەرەوتاران و ئاشکرا کردنی هاوکاریی فازل رەسوڵ لەگەل دەزگا جاسوسییەکانی رژیم بە بۆنەی ٢٢ ی پوشپەری ١٩٩٨ لەسەرفازل رەسوڵ گوتبووی : "زۆر ئیتتیهامی هەڵەی لێدراوە ،نابێ جێهرەی خەلک خراپ بکرێ."

**بۆناسینی فازل ڕەسوڵ مەلا مەحمود پۆلیسی دادوەریی و داوەرانی لێکۆلینەوە، بەرپرسی بەشی دژە تێرۆری ڤییەن، ژنە ڕەسمییەکەی فازل بە ناوی سوزانە وژنە سیغەییەکەی بە ناوی ڕناتە و ئازاد مێردی شارلۆت و هاوکارێکی فازل ڕەسوڵ لە باڵوێزخانەی ئێران ... بەوردیی باسیان کردووە. ئێمەش لەبەشێکی دیکەدا وتەکانیان ڕادەگوێزین و دەوری نابراو لە ڕوداوی تێرۆری د.قاسملوو عەبدوللا قادرییدا بە پێێ لێکۆلینەوەکانی دادوەرانی لێکۆلینەوە و پۆلیسی دادوەریی باس دەکەین.**

**هاوکاریی فازل ڕەسول و دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ڕژیم جێێ سەرسوڕمان نییە چونکە سەرکردایەتیی ینک بە گوێرەی کتێبی " خولانەوە لە ناو بازنە دا و کتێبی کارەساتی هەلەبجە و وتووێژەکانی جەلال تاڵەبانیی لە گەل کیهان لە ڕێکەوتنی تشرینی ١٩٨٦ لەگەل باقری ذوالقدر، تەنزیمی یەکێتییکردبوو بە بەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران. ئەو ڕێکەوتنەی تالەبانیی و وەفدەکەی لەگەل باقری ذوالقدر لە ١٩٨٦ زەمینەی خولقاندنی کارەساتی ئەنفالەکان، هەلەبجە، سەردەشت ، ئاشبەتالی تەنزیمەکانی کورد، تێرۆری ڕێبەرانی حدکا و... وێرانیی کوردستانی بۆ دوو ڕژیمی داگیرکەری کوردستان ڕەخساند.**

**بەرلەوە بچینەسەر خوێندنەوەی ڕۆژنامەکانی کوردستان و بۆ وەبیر هێنانەوەی شێوەی پێکهێنانی وتووێژی پێکهێنراوی تالەبانیی بۆ د.قاسملوو لەگەڵ تێرۆریستەکان پێویستە جارێکی دیکە باس لە <u>ڕاپۆرتە نهێنیی یەکەی جەلال تاڵەبانیی بۆ"وەزارەت اطلاعات"</u>ی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیی بکەیەن کە مەلا عەبدوللا بە ڕاپۆرتی خەبەریی واتە جاسوسیی پێناسەکردووە و تەعلیقێکی هەزەلیشی بەو سەردێرە لەسەر نووسیوە : <u>ڕووت خەون بە دوو گەز جاوەوە دەبینێ"</u>**

**"ڕاپۆرتی نهێنیی – خەبەریی" تالەبانیی بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ، لێدانی کلیلی چرای سەوز بۆ تێرۆری د.قاسملوو و توناکردنی حدکا و دواتر د.شەرەفکەندیی و ڕادانی حدکا لە قەندیلەوە بۆ ژێر دەسەلاتی تالەبانیی و کوشتاری سەدان ئەندامی حدکا بە هاوکاریی مەلا عەبدوللا حەسەنزادەی لێکەوتووەتەوە.**

## مەلا عەبدوللا حەسەنزادە و ڕاپۆرتەکەی تاڵەبانیی بۆ وەزارەتی " اطلاعات" ی ڕژیمی ئاخوندیی

**قۆناخی یەکەمی وتوێژی د.قاسملوو و تێرۆریستەکانی سەر بە ڕفسنجانی کە لە ٢٨ دیسامبری ١٩٨٨ وە تا ٢٠ ژانویەی ١٩٨٩ بە نووسینی "ڕاپۆرتێکی خەبەریی/ نهێنیی جەلال تالەبانیی بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ڕژیمی ئاخوندەکان دەستی پێکردبوو. ئەو ڕاپۆرتە لێدانی کلیلی چرای سەوز بۆ تێرۆری د.قاسملوو و ئەسپاردنی ئەرکێک بە ڕاپۆرتنووس و هاوکارانی بووە.** کرتە بۆ <u>ئێرە</u> بکەو Ctrl دابگرە!

**تالەبانیی و وەفدەکەی لە تشرینی ١٩٨٦ و بەرلەوە قەراری ئاخر دیداریان لەگەل تاریق عەزیز پێک بێنن لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران ڕێک کەوتبوون. ڕێکەوتنەکەش لەسەر " موعارەزەی ئێرانیی " و بە تایبەتیی لەسەر حدکا کرابوو کە** نەوشیروان مصطفی لە کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدا باسی کردووە. کرتە بۆ <u>ئێرە</u> و <u>ئێرە</u> بکە و Ctrl دابگرە!

**ئەو ڕێکەوتنەش لە بیرەوەرییەکانی ڕفسنجانیدا بە ناوی ڕێکەوتنی عەمەلیاتی کە ٦ ی مانگی دەی ١٣٦٦ بووە ناوبردووە و لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویە: " <u>آقای [ محمد باقر ] ذوالقدر ، فرمانده قرارگاه رمضان آمد.طرح عملیات آینده داخل عراق راگفت . اجازەدادم کە قرارداد مبنی بر قید امنیت آنها در صورت توافق بادولت آینده عراق و شرایطی کە او باید بپذیرد با طالبانیها امضاکند."</u>** <u>کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrl دابگرە!</u>

**تالەبانیی ڕێکەوتنە خێلەکییەکەی خۆی و وەڤدەکەی لە ١٩٨٦ لەگەڵ بەرپرسێکی قەرارگەی ڕەمەزان بە ناوی باقری ذوالقدر کە نەوشیروان مصطفی ئەمین بە وەزیری سپای پاسدارانی ناوبردووە و تالەبانیی ئەورێکەوتنەی لەگەل ئەو پاسدارە تێرۆریستە بە هاوپەیمانیی لە گەڵ ئێران ناوبردبوو، خۆی و نەوشیروان مصطفی ئەمین پروپاگەندەیەکی زۆریان بۆ کرد. تالەبانیی زۆر جار دەهاتە دەفتەری سیاسیی حدکا لە گەورەدێ کە لە چەند کیلۆمیتریی یاخسەمەر بوو.واتە ئەو بنکەیەی کە نەوشیروان گوتەنی بەرپرسی دەفتەری سەرەکیی ئێرانی لێ جێگیر کردبوو. تالەبانیی لە هاتنیدا بۆ دەفتەری حیزب دەیگوت : د.قاسملوو منی برد بۆ بەغدا بۆ ئەوە لەگەل میریی ڕێکمان بخات، ئەو نەیتوانی ڕێکمان بخات، بەلام من د.قاسملوو دەبەم بۆ تاران و لەگەڵ "جەمهوریی ئیسلامیی "ڕێکیان دەخەم. نووسەری ئەم بابەتە لە دەفتەری سیاسیی حدکا ئەو وتەیەی لە تالەبانیی بیستووە.**

**ئەو ڕاپۆرتە خەبەرییەی تاڵەبانیی کە مەلا عەبدوللا لە ڕۆژنامەی ژمارە ١٢٧ کوردستان جۆزەردانی ١٣٦٦ بەرامبەر بە ژوئەنی ١٩٨٧ ڕاگوێزراو لە ڕۆژنامەی کیهان ژمارە ١٣٠١١ شەشەمی بانەمەڕی ١٣٦٦ دا باسی کردبوو ، لە لایەن**

تالەبانیی‌یەوە بە نهێنیی بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعات واتە دەزگای جاسوسیی رژیمی ناردرابووکە لە چەند لاوە جێی سەرنج، رامان، سەرسوڕمان، لێکۆڵینەوە و تەنانەت گاڵتە پێکردنی مەلا عەبدوللا حیاکیی بەو راپۆرتە بووە.

بڵاوکردنەوەی ئەوراپۆرتە لە لایەن حجت الاسلام علی فلاحیان ەوە بەو ناوەرۆکەوە لە راستیی بەدوورەوە کە تالەبانیی نووسیبوی بۆ بێ ئیعتیبارکردن و ئەتکی حورمەت و کەسایەتیی سەرۆکی تەنزیمێکی سیاسیی کورد بووە.

**درێژەی بابەتەکانی کوردستان و تەزویرەکانی مەلا عەبدوللا**

ئێمە لێرەدا ئاماژە بە تەواوی ئەو ژمارانەی بلاوکی " کوردستان "دەکەین کە دوای تێرۆری د.قاسملوو نووسراون و مەلا عەبدوللا بۆ یەک جاریش تێیاندا باسی هاوکاری فازل رەسول مەلا مەحمود و ئیتتلاعاتی سپای پاسداران و باڵوێزخانەی ئێرانی نەکردووە. بەلام بە چوونی د.شەرەفکەندیی بۆ ئوروپا و ئاگادار بوون لە پلانی تێرۆرۆرەکەی بۆ یەکەم جار دوای سێ ساڵ فازل رەسوڵێ بە دۆستی حیزب و و دۆستی د.قاساملوو، مامۆستای حقوقی زانستگەی ڤییەن ناو بردبوو . بروانە رۆژنامەکانی کوردستان لەدوای تێرۆری د.قاسملوو تا دوو حەوتوو بەر لە تێرۆری د.شەرەفکەندیی!

١ –کوردستان ژمارە ١٥١ پوشپەری ١٣٦٨( ژوئییەی ١٩٨٩

"بەیاننامەی کومیتەی ناوەندیی حدکا لەسەر تێرۆری د.قاسملوو وعبداللە قادری، لە رۆژی ٢٢/٤/ ١٣٦٨ ( ١٣ ژوئییەی ١٩٨٩) سەبارەت بە تێرۆری د.قاسملوو عبدالله قادری"

لە یەکەمینرۆژ ویەکەمین راگەیەندراوی کومیتەی ناوەندیی‌دا لە کوردستان ژمارە ١٥١ پوشپەری ١٣٦٨( ژوئییەی ١٩٨٩) سەبارەت بە تێرۆری د.قاسملوو عەبدوللاقادریی باسێک لە فازل رەسول نەکراوە .

پرسیار ئەوەیە کە بۆچی ناوی فازل رەسوڵ، لە رۆژی یەکەمی تێرۆری د.قاسملووەوە تا دوو حەوتوو بەر لە تێرۆری د.شەرەفکەندیی واتە بۆ ماوەی نزیک بە سێساڵ لەکوولەکەی تەردا نەبیستراو مەلا عەبدوللا بۆ یەکجاریش بەچاک یان خراپ بە خەلکی کوردی نەناساند. هۆی چی بوو؟! چۆن بو نە لەو بەیاننامە گرنگەداو نە لە نووسراوەیەکی حدکا دا مەلا عەبدوللا نەیویێرابوو بەزاراوە سیاسییەکەی خۆی (مشکێکی تێدا بکوژێ) و فازل رەسوڵ مەلا مەحمود خۆی گوتەنی بەدۆستی حیزب ناوبەرێ و بیکاتە ئوستادی زانکۆی ڤییەن؟ !

دواتر بە وردیی دەوری ئەو هاوکارەی مەلا عەبدوللا بە پێی بەڵگەنامەکانی دادوەرانی لێکۆڵینەوە و پۆلیسی دادوەریی وکەسانی نزیکی ناوبراو باس دەکرێ.

٢–لە پەیامی د.شەرەفکەندی جێگری سکرتێر، کوردستان ژمارە ١٥٢ گەلاوێژی ١٣٦٨ ئوتی ١٩٨٩ دا تەنیا باسی تێرۆری د.قاسملووو عبدالله قادری کراوە و باسێک لە فازل رەسوڵ نەکراوە .

٣–کوردستان، ژمارە ١٥٢ خەزەڵوەری ١٣٦٨ نوامبری ١٩٨٩ سەدان پەیامی گرووەو سازمان و کەسایەتیی‌یە بیانیی و ئێرانییێەکان بۆ حدکا ناردرابوون، لە هیچکام لەو پەیامانەدا باسێک لە فازل رەسول نەکرابوو. تەنیا لە پەیامی بێ ئیمزای مەکتەبی سیاسیی ینک و جەلال تالەبانیی دا بووە کە لەگەڵ ناوی د.قاسملوو وشەی یارانی لێ زیادکرابوو. لەو پەیامەش‌دا ناوی فازل نەنووسرابوو.

**دەقی پەیامەکەی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی بە بۆنەی تێرۆری د.قاسملوو!**

٤–ئەو پەیامەی کە بە ناوی " مەکتەبی سیاسیی" ینک" ەوە بە بۆنەی تێرۆری د.قاسملووەوە بۆ حدکا ناردرا بوو ئەو تایبەتمەندیی‌یانەی تێدا بەرچاو بووە !

ئەڵف: نووسەری پەیامەکەی ینک لە ترسی تووڕە بوونی تێرۆریستەکانی ئیتتیلاعاتی کۆماری ئیسلامیی و بە تایبەتیی رفسنجانی، محسن رضائی و صحرارودی نەیوێرابوو ناوی حیزبی دێموکرات لە سەرناوی پەیامەکە بنووسێ و بە بێ سەردێرو عینوان نووسیبووی:

"شەهیدبوونی برای گەورە و بەرێزمان کاک دوکتور قاسملوو وهاورێیانی جێگای داخ و پەژارەیەکی گەورە، نەک هەربۆئێوە و ئێمە، بەلکو بۆ هەموو نەتەوەی کوردە و خەسارەتێکە پڕنابێتەوە. ئەو دەستەی شەهیدی کردوون دەستێکی تاوانبارە و روو

ڕەشە لەبەردەم کوردو جیهان و مێژوودا. لە ناخی دڵەوە بەشداری خەمتانین. دڵنیاشین کە ئێوەی پرهیممەت و دڵێرو دووربین درێژە بە ڕێبازی شەهیدی مەزن دەدەن ".

تێبینیی: تاڵەبانیی لە دوای بڵاو کردنەوەی ڕوداوی تێرۆرەکە لە ڕادیۆ تارانەوە بێ هیچ شک و گومانێک ڕژیمی صدام ی بە تاوانبار ی ئەو تێرۆرە پێناسەکردا!! ئەوەش نائاسایی بوو چونکە مافناسێکی وەکو تاڵەبانیی دەبێ بزانێ کە اصل بێتاوانییە مەگەر لە مەحکەمەدا حوکم بە تاوانباربوونی کەسێک درابێ. ئەوە شتێک نییە کە مرۆڤی ئاساییەنەیزانێ چ دەگا بە مافناسێک !

لە ئاخر دێریی پەیامەکەشدا نووسرابوو :" مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانی عێراق."

سەرنجراکێشە کە:

ب --نازانرێ ئەو پەیامە کێ نووسیویە؟

ج -ئەو پەیامە ئیمزاش نەکراوە.

د. -لەو پەیامە ئیمزانەکراوەدا ناوی فازل ڕەسولیش نەنووسراوە. تەنیا لە تارماییو تەپ و مژ و بوومەلێڵی وشەی یاراندا وجودی نەبووی شاردرا بۆوە.

فازل ڕەسول لە وتوێژی ڕێکخراوی خۆیدا بۆ د.قاسملوو صحرارودی لە ماڵی خەبات مەعروف پاسەوانی صحرارودی بووە و لە دانیشتنەکانی دیکەدا تاڵەبانیی، د.قاسملووی بردبوو بۆ ماڵی فازل و براکانی و لەوێ وتوێژی پێکردبوون و مەبەستی تاڵەبانییش بۆ ئەو کارە ئاشناکردن و متمانە پێکردنی د.قاسملوو بە فازل ڕەسوڵ بووە.

سەرجەم چوار کۆبوونەوە لە ماڵی فازل و براکانی بەرێوە چووبوو. تاڵەبانیی هەرگیز لە وتوێژەکانیدا لەگەل کەسانێک کە چیرۆکەکەی بۆگێڕاونەوە باسی ئەو بابەتە و ڕاپۆرتێک کە بۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ژێر دەسەلاتی حجت الاسلام فلاحیانی نووسیبوو نەکردووە. بەڵام بە کارۆل پرۆ هۆبێری ڕاگەیاندبوو کە چووبووە لای وەزیری ناوخۆی ئوتریش و پاسەوان و جێ و ڕێی بۆ وتوێژەکە لێ وەرگرتبوو. مەلا عەبدوللا حەسەنزادەش وەکو هەمیشە بەستەی بۆ خستبووە سەرو گوتبووی ٢٧ پاسەوان بە چەک و چۆڵەوە ئێشک گری ئەو نومایشە بوون. ئەو بەناو زانیارییانە دور لە واقعییەت و هەڵبەستراوبوون.

ڕۆژی یەکەم لە ماڵی خەبات مەعروف بە بەشداریی تاڵەبانیی و نەوشیروان مصطفی و شازاد سائیب و خەسرەو کال کۆبوونەوە کرابوو. قەرار بووە لەو خولەدا کۆتایی بە ژیانی د.قاسملوو و هاورێکەی بهێندرێ. ڕۆژانە ڕاپۆرتی وەزعەکە درابۆوە بە ڕفسنجانیی لە تاران و ڕێنوێنییان وەرگرتبوو. باڵوێزخانەی ڕژیم بە وردیی و لە نزیکەوە لەبەرنامەی کاری تێرۆریستەکان ئاگادار کرابوو. لە ڕۆژەکانی دواییدا لە ماڵی فازل ڕەسول و براکانی ئەو پیلانە بەرێوە چوو بوو. پاسەڤانێک لە ئارادا نەبووە . صحرارودی دوای یەکەمی ژانویە تارۆژی ١٩ ژانوویە ١٩٨٩ گەڕابۆوە بۆ تاران تا ڕاپۆرتی کارەکە و بەڕێوەبردنی پلانەکەی لەگەل ئۆدەی پلانی تێرۆرەکە باس بکا. لەو بەینەدا لەلایەن باڵوێزخانەی ڕژیم لە ڤییەن ئاپارتمانێکیان بۆ بنبێلا کریبوو تا بە د.قاسملوو ڕابگەیەنێ کە ئەویش لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار دەبێ. بەرپرسی کرین و دانی قیمەتەکەی کە ملیۆنێک و چوارسەدو پەنجا هەزار شلینگ بووە درابوو بە فازل ڕەسول و ئەو بنبێلای بردبوو بۆ دەفتەرخانەکە و بە ناوی بنبێلای کردبوو.

صحرارودی مۆتۆرسیکلێتێکی کریبووکە دوای تێرۆرەکە خۆی و اجوادی پێدەرباز بکەن و خۆبگەیەننە فرۆکەخانەو ئوتریش بە جێ بێلن. ئەمانە لە خولی یەکەمدا کرابوون. ١٩ ڕۆژ هیچ کۆبوونەوەیەک نە کرابوو لە ٢٠ ژانویەی ١٩٨٩ ئاخر کۆبوونەوە لە ماڵی فازل و براکانی بەڕێوە چووبوو . دوای گەرانەوەی صحرارودی لە تاران بەر لە ٢٠ ژانویە پلانی کۆتایی هێنان بە ژیانی د.قاسملوو بۆ قۆناخی دووهەم و قرتاندنی تاڵەبانیی دواخرابوو.

گوترا کە ماڵی خەبات مەعروف لە لایەن سەعدی پیرەوە بۆ ڕۆژی یەکەمی وتوێژەکە ( ١٠/٢٨/ ) ئامادەکرابوو. خەبات مەعروف لە لێکۆڵینەوەی پۆلیسدا گوتبووی کە لە ( مجارستان) بووە. کلیلی ماڵەکەی لە لای سەعدی پیرە بووە کە ئەو لەماڵەکەی ئەو بۆ وتوێژی ڕۆژی یەکەم کەلکی وەرگرتبوو. ئەو شەوەی کە کۆبوونەوەکە لە ماڵەکەی خەبات بەڕێوە چوو بوو ناوبراو لە هۆتێل هیلتۆنی ڤییەن میوانی صحرارودی ببوو.

–له نامەکەی مەکتەبی سیاسیی ینک دا باس لەو" دەسته تاوانبار و روو رەشه لەبەردەم کوردو جیهان و مێژوو کراوه ." ئەوەش ئەدەبیاتی حەماسیی تالەبانیی بووە.

تالەبانی و هەموو سەرکردایەتیی ینک دەزانن کە ئەو دەسته رەشه کە د.قاسملووی تێرۆرکرد، دەستی "جعفری صحرارودی ناسراو بە برادر رحیمی دۆستی هەرەنزیک و خۆشەویستی تالەبانیی نیشته جێ یاخسەمەر بووە. واته لە ١٩٨٦ ەوە تا تێرۆری د.قاسملوو لە ناوەندی ینک (یاخسەمەر) بووە. بروانه نامەی نهێنیی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە (حەییاکیی) بۆ تالەبانیی لە کتێبی ئەزمونی خەبات. ل. ٤٣٨ [ ئەگەر ئەونامەیه ناردرابێ و بۆ یەکەم جار وتەیەکی راستی لە زاری هەڵوەریبێ کە جێی گومانه، ]ئەو دەسته "تاوانباره روو رەشه" سێ سال لە یاخسەمەر و لەتەنیشت مال و دەفتەری کاری تالەبانیی تەنیا چەندکیلۆمیترێک دوور لە دەفتەری سیاسیی د.قاسملوو لە گەورەدێ ژیابوو. ئەو شوێنەی کە رۆژانه بە دەیان جاسوسیی ئەو" دەسته تاوانباره روورەشه" لە یاخسەمەرەوە بۆ سیخوری بۆ ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بە ناوی پێشمەرگەی ینک، نەخۆش و بریندداری چەکی شیمیایی دەناردرانه گەورەدێ و ناوەندی دەفتەری سیاسیی حدکا، ئەمانه بەشێکیان جاسوسی ئەو دەسته رەشه بوون. ئەو شوێنەی کە پاسدارەکانی ژێر دەستی ئەو " تاوانباره روو رەشه " بە ئیسکۆرتی پێشمەرگەکانی ینک لە یاخسەمەرەوە بەرێدەکران بەبەردەمی بنکەکانی حدکادا مانۆریان دەداو دروشمی مرگ بر دمکراتیان لەداروديواران دەنووسی و بەدەنگ دەیانچڕی. ئەوەی کە لە سەرەوەنووسرا لەدەقی پەیامەکەی تالەبانییوەرگیراوه.

٥–لە یادی یەکسالەی تێرۆری د.قاسملوو لە کوردستان ژمارە ٦٣، رێکەوتی ٢٢ پوشپەری ١٣٦٩ (ژوئییەی ١٩٩٠) دا باسی فازل مەلا محمودی دۆستی مەلا عەبدوللای تێدانییه .

٦ –لە یەکەمین سالرۆژی تیرۆری د.قاسملوو لە ڤییەن کە کۆبوونەوەیەکی بەرین بۆ یادو بیرەوەریی د.قاسملو لە سالۆنێکی گەورەی ڤییەن بە بەشداریی د.شەرەفکەندیی و نەسرین خانم هاوژینی د.قاسملو، دوکتور وایدینگێر، وەکیلی پەروەندەی تێرۆری د.قاسملوو و چەند کەسایەتیی بیانیی پێک هات. نووسەری ئەم لێکۆلینەوەیەش لەو بۆنەیەدا بەشدار بوو، لە سەرەتای کۆبوونەوەکە داوا لەبەشداران کرا بۆ ماوەی ١٥ خولەک سالۆنەکە جێ بێلن. دوای ١٥ خولەک کە خەلکەکە گەرایەوە ناو ژوری سالۆنەکە، هەموو وێنەکانی فازل رەسول کە بە دارو دیوارەوە هەلاوەسرابوون داگیرابوون و تەنیا وێنەی د.قاسملووو عبداللە قادریی لە سەرمیزی بەردەمی د.شەرەفکەندیی و نەسرین خانم و د. وایدینگر داندرا بوو. ئەو روداوە لە پێشەکیی کتێبی ئیسکۆرت بەرەو تاراندا نووسراوە کەوەرگێردراوی ئەو کتێبە بەکوردیی چەند سالێک دوای تێرۆری د. شەرەفکەندیی چاپ کراوه. ژنەکەی فازل لەو کۆبونەوەیەدا هەستایە سەرپێ و لەسێ وشەدا مەبەستێکی کە پێویست بوو رایبگەیەنێ گەیاندی و گوتی:

Warum Fazdel Rassoul?

واته بۆچی فازل رەسول[ کوژرا]؟ ئەو لە پێوەندییە نهێنیی‌یە کانی فازل و تێرۆریستەکان و هاودەستانی ئاگاداربوو. پێی وابوو تێرۆریستەکان نەدەبوو مێردەکەی ئەو بکوژن.

٧–کوردستان ژمارە ١٦٣ لاپەڕەی ١٧ پووشپەری ١٣٦٩ ژوئییەی ١٩٩٠ وتاری سەدان نووسەر و نیشتمانپەروەری کورد لەسەر د.قاسملووی تێدا باس کراوە کە هیچ کام باسیان لە فازل رەسول مەلا محمودی دۆستەکەی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە (حەییاکیی) نەکردووه.

٨ –پەیامی "هاورێ سکرتێری گشتیی حزب دوکتور شەرەفکەندیی" لە زانستگەی سۆربۆنی پاریس بۆ یادو بیرەوەریی د.قاسملووو عبداللە قادریی نووسراوە کە تێیدا ئاماژەیەک بە ناوی فازل نەکراوه.

پەیامێک لە کوردستان ئۆرگانی حدکادا لە گەلاوێژی ١٣٦٩ ئوتی ١٩٩٠ چاپ کراوه. لەو پەیامەشدا باسێک لەو دۆسته نزیکەی عبداللە حسنزادە نەکراوه .

٩—لە کوردستان ژمارە ١٧٥ پوشپەری ١٣٧٠ دا کە بە بۆنەی دوو هەمین سالّی شەهید بوونی د.قاسملوو لە ژوئییەی ١٩٩١ بلاو کراوەتەوە، لە پەیامی کومیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە ئوروپا ناوی فازل رەسول نەبردراوه.

١٠ –لە رۆژنامەی " کوردستان "دا وتارێک نووسراوە بە ناوی سیاسەتی سەوداگەرانەی ئوتریش کە دووسال و نیو بەسەر تێرۆری د.قاسملوو عبداللە قادریی دا تێپەری بوو. لێرەشدا هیچ باسێک لە فازل مەلا محمود نەکرابوو.

١١ –لە کۆنگرەی ٩ حدکا ناودێرکراو بە " کۆنگرەی قاسملوو"( پووشپەڕی ١٣٧١ – ١٩٩٢) باسێک لە فازل رەسوڵی دۆستی مەلا عبدالله حسنزادەی تێدا نیەیە و ناوی نەبردراوە.

١٢ –بەلام لە پووشپەری ١٩٩٢ لە نەبوونی دوکتور شەرەفکەندیدا( لەوکاتە دا دوکتور شەڕەفکەندیی لە ئالمان بووە). عبدالله حسنزادە زانیبووی کە د.شەرەفکەندیش تێڕۆردەکرێ و ناگەڕێتەوە، وتاریکی نووسیبووو بۆ یەکەمین جار لەو وتارەیداو لە نەبوونی د.شەرەفکەندییدا ناوی "دوکتور فاضل رەسول، یان فازل مەلا محمودی" وەکو" کوردی عێراقیی و مامۆستای زانکۆی ئوتریش" و دواتر دۆستی حیزب، نووسیبوو و هێنایە نێوکاروانی شەهیدانی کوردو حیزبەوە !

فەرموو لێیبروانە! مێژوو ئاوا تەزویر دەکرێ( بە زاراوەی سیاسیی مەلا عەبدوللا مشکیتێدا دەگوڕێ) و مێژوو نووس نانی پێدەخوا و واقعییەت ئاوا چەواشەدەکا.

ئەوانە هەموو دۆکۆمێنتی حدکان و مەلا عەبدللای حسنزادە خۆی نووسیونی و چاپی کردوون. با بڵێ ئەو یارییە چۆن چۆنی کراوە کە لە ١٣/٧/ ١٩٨٩ تا دوو حەوتوو بەر لە تیرۆری د.شەرەفکەندیی )فازل رەسولی تۆمەتباربە هاوکاریی کردنی تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامیی بۆ کوشتنی د.قاسملووو عەبدوللا قادری ئازەر بووە، بەلام ئەو مەلا عەبدوللایەی نووسەری حدکا لە ماوەی تەنیا چەندرۆژەدا کە د.شەرەفکەندیی بۆئالمان چوو بوو، کتوپر، ئیلهامی پێکرابوو کە بنووسێ فازل رەسوڵ دۆستی حدکا وهاوڕێی د.قاسملوو و دۆستی حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە. بەوجۆرە مێژووی بۆ گۆریوە بە دۆستی کوردو شەهیدی گورد ی ناوبردووە و مۆنۆمێنتی بۆ چی کردووە و لەگەل مامۆستا حسن شەرەفی بۆ ئەو سەرکەوتنە مێژوویییە، گۆوەندو شایی و لۆغانیان بۆ گێڕاوە و دەم و گوپی یەکتریان لستووەتەوە، دەستیان لە ملی یەکتر کردووە بە ئاوەزی ئەو خەلکە پێکەنیون.

هە لوێستی حدک وحدکا ی ژێر دەسەلاتی مەلا عەبدوللاو مصطفی هجری لەسەر تێرۆری د.قاسملوو لە بەشەکانی دادێدا باس دەکرێ. ٢٩ ئاگوستی ٢٠١٦

درێژەی دەبێ

نووسەری ئەم زنجیرە لێکۆلینەوەیە سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ زەحمەتی بڵاوکردنەوە و دلسوزیی بەرپرسانی دەسترەنگین و بەفەرهەنگی سایتەکانی هەڵویست، پێشمەرگەکان،رۆژهەلات بۆکان و رۆژی کورد ئینفو / وردپرێس

http://www.rojikurd.info/wordpress/

دەردەبڕی.

ئەو زنجیرە لێکۆلینەوەیە گۆشەیەکی شاراوە یە لە بەسەرهاتی واقیعیی سەدان ئەندامی تێرۆرکراوی حدکاو رێبەرانی بزووتنەوەی کوردە لە رۆژهەلات و باشوری کوردستان .نووسەر خۆی بەرپرسیی وشەبەوشەی نووسراوەکانێتی.